# کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی

# (داخوازینامەی ژنی کورد)

## لە هەردوو پەرلەمانی "بەریتانیا" و "کوردستان"




لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزی ئەمساڵ "داخوازینامەی ژنی کورد" لە دوو کۆنفرانسدا، یەکەمیان لە باڵەخانەی بەناوبانگی پەرلەمانی بەریتانیا و، دووەمیان لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بە ڕای گشتی جیهانی و جەماوەری کورد و گەلانی کوردستان و دام و دەزگا و ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی کورد ڕاگەیاندرا.

"داخوازینامەی ژنی کورد" کە بە شێوەی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی ئامادە کراوە خوازیاری دابینکردن و پاراستنی ماف و ئازادییە بۆ ئافرەتان لە هەرێمە کوردییەکان و ژنانی کورد لە هەندەران. داڕێژەرانی "داخوازینامەی ژنی کورد"، شنە هێدایەتی، مەهاباد قەرەداغی و مونیرە موفتیزادە، لە ماوەی سێ ساڵ کار و تێکۆشانی بێ وچان بۆ ئامادەکردنی ئەم بەڵگەیە و وەرگرتنی بیر و ڕای ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی چالاک و ڕووناکبیر و هەستیار و هەروەها هاوکاری زۆربەی گرووپ و ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمەکوردییەکان و لە هەندەران و هاوفیکری ژمارەیەک لە پیاوانی یەکسانیخوازی کورد، هەوڵیان داوە کە ئەم دۆکیومێنتە وەک بەڵگەیەکی گشتگر گوزارە لە هەموو خواست و داخوازییەکانی ئافرەتان لە هەرێمە کوردییەکان و ژنانی کورد لە هەندەران بکات.

"پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد"یش لە بەریتانیا لە ماوەی یەکساڵ و نیوی ڕابووردوودا بە هاوکاری لەگەڵ داڕێژەرانی "داخوازینامەی ژنی کورد" ئەم بەڵگەیان بە شێوەی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی بەڵام بە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی بارودۆخی ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و ئافرەتانی کورد لە هەندەران، دارشتەوە. پاش ئامادەبوونی "داخوازینامەی ژنی کورد" داڕێژەرانی بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوێک بە نێوی "پرۆژەی ژنی کورد" دا بۆ کار و چالاکی لەسەر دابینکردنی خاڵەکانی داخوازینامەکە و هەروەها هاوکاری لەگەڵ "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" بۆ ئەم مەبەستە. وەک یەکەم چالاکی هاوبەش لەم بوارەدا "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" لە چاپکردنی نامیلکەی داخوازینامەکە و ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی "داخوازینامەی ژنی کورد" لە کۆنفرانسێک لە پەرلەمانی بەریتانیا یارمەتی "پرۆژەی ژنی کورد"ی دا.

پاش ئەوەیش، بە یارمەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و دەسەڵاتی حکوومەتی لە باشووری کوردستان "داخوازینامەی ژنی کورد" لە پەرلەمانی کوردستانیش ڕاگەیاندرا. ئامانج ئەوەیە کە پاش ڕاگەیاندنی "داخوازینامەی ژنی کورد" هەر دوو ڕێکخراوەکە تێبکۆشن بۆ ئەوەی کە "داخوازینامەی ژنی کورد" دانپێدانانێکی نێونەتەوەیی بەدەست بێنێت و ببێتە ستانداردێک بۆ دابینکردنی مافەکانی ژنان و بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوەی بیروڕا و هەڵسوکەوتی جەماوەری کورد بەرانبەر بە ئافرەت و هەروەها ئەم بەڵگەیە یارمەتیدەر بێت بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی یاسای هاوچەرخ لە کۆمەڵگەی کورددا.

گەیشتن بەو ئامانجە پێویستی بە پشتگیری و لایەنگری دەسەڵاتدارانی کورد و هاوکاری و هاوخەباتی روناکبیران و ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و لە هەندەرانە. دیارە پشتگیری و لایەنگری نێونەتەوەییش لەم بوارەدا پێویستی تایبەتی دەبێت. بە خۆشییەوە لە هەر دوو کونفرانسەکەدا ئەو پشتگیری و لایەنگرییانە تا ڕادەی زۆر دەسکەوتووە.

## داخوازینامەی ژنی کورد
## لە پایتەختی "ئینگلستان"ەوە بۆ پایتەختی "کوردستان



ئێوارەی 2004/6/22، خانەی لۆردەکان لە پەرلەمانی بەریتانیا شانۆی کۆنفرانسێکی مێژوویی بوو بۆ ڕاگەیاندنی داخوازینامەی ژنی کورد. لۆرد ئەیڤبری ئەندامی پەرلەمان و کۆرددۆستی ناسراو بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە بوو، خاتوو بارۆنێس هێلێنا کێنێدی پارێزەری هەرە پایەبەرزی مافی مرۆڤ داخوازینامەی ژنی کوردی پێشکەشکرد و شێلگیرانە پشتیوانی لێکرد و بەڵێنی پشتیوانی بەردەوامیشی دا و هانی هاوپیشەکانی خۆی لە بواری مافی مرۆڤدا دا کە پشتیوانی لە 'داخوازینامەی ژنی کورد' بکەن.

لۆرد ئەیڤبری بە ڕاگەیاندنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە هەموو ژنانی قوربانی داب و نەریت و توند و تیژی لە جیهان مەراسیمەکەی دەسپێکرد. لە پێشدا داوای لە بارۆنێس هێلێنا کێنێدی کرد بۆ کردنەوەی باس لەسەر "داخوازینامەی ژنی کورد". بارۆنێس کێنێدی لە وتەی خۆیدا زۆر بە چڕوپڕی لەسەر کێشەکانی ژنانی جیهان بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی دووا. بە پێداگرتن لەسەر پێویستی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و پیادەکردنی یاسای هاوچەرخ لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ، ئاماژەی بەو راستییە کرد کە یاسا لە هەمان کاتدا کە پارێزەری مافەکانی مرۆڤە

دەتواندرێت بەشیوەی نامرۆڤانەیش بەکاربهێنرێت. هەروەها مەترسییەکانی فاندامێنتالیزمی کە بە زۆر شیوە و ڕەنگ خۆدەنوێنێت بەرچاو خست. بەڕێزیان لەسەر ئەوەی کە چارە سەری کێشەی ژن ئەرکێکی هەرە بنەرەتی کۆمەڵگەیە دوا و زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هاوکات لەگەڵ کێشەکانی تر کێشەی ژنیش پێویستە کاری شێلگیرانەی بۆ بکرێت و رەخنەی توندی لەوانە گرت کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە بیانووی جۆراوجۆر چارەسەری ئەو کێشە گرنگە دوادەخەن. بارۆنێس کێنێدی، پاش ناساندنی "داخوازینامەی ژنی کورد" و نرخاندنی وەک بەڵگەیەکی بایەخدار بۆ پاراستنی مافی ژنان لە کۆمەڵگەی کورد دا، وتی کە ئەم بەڵگەیە وەک پرۆژەیەکی پێشکەتوو لەلایەن ژنانی کوردەوە دەتوانێت لە خزمەتی دیموکراتیزەکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کورد بە گشتی و لە پێناو دابینکردنی مافەکانی ئافرەتان بەتایبەتی بەکاربهێنرێت.

پاشان شنە هێدایەتی وتاری "پرۆژەی ژنی کوردی" پێشکەش کرد. لە وتارەکەدا بە بەرچاو هێنانەوەی سیمایەک لە بارودۆخی کوردستان بە گشتی و ستاتووی ئافرەتی کورد بە تایبەتی، پێویستی هاتنەگۆڕی "داخوازینامەی ژنی کورد" بەمەبەستی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی کورد و پیادە کردنی یاسای هاوچەرخ لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ باس کرا. هەروەها چۆنیەتی گەشەسەندنی داخوازینامەکە و شێوازی کار لەسەری لە ماوەی سێ ساڵدا روونکرایەوە و سوپاس کرا لە هاوکاری کەسایەتی و رێکخراوەکانی کورد لەو بوارەدا. چۆنیەتی هاوکاری لەگەڵ "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" بۆ ئامادەکردنی ئەو بەڵگەیە بە شێوەی بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی و پرۆژە بۆ کاری داهاتوو بەشێکی تر لە وتارەکە بوو. ئەنجا ئاماژەکرا کە "داخوازینامەی ژنی کورد" پرۆژەی ژنی کوردە بۆ دابینکرنی بەها مرۆڤایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کورد و پێویستە پشتگیری بکرێت. لە وتارەکە ئەوەیش ڕاگەیاندرا کە 'تۆڕی داخوازینامەی ژنی کورد' کە پێشتر لەسەر ئامادەکردنی داخوازینامەکە کاریان کردبوو، لەوەولا بە شێوەی رێکخراو و بە نێوی "پرۆژەی ژنی کورد" بە هاوکاری لەگەڵ "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" بۆ دابینکردنی خاڵەکانی داخوازینامە و ناساندنی بەڵگەکە بە کۆمەڵگەی کورد و بە جیهان کاردەکەن. هەروەها روونکرایەوە کە ئەو بەڵگەیە لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئاراستەی دەسەڵاتداران و حیزب و رێکخراوەکان و جەماوەری کورد و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی پشتیوانی و هاوکاری ئەوان لە دابینکردنی خاڵەکانی داخوازینامەکە.

ئەنجا د. ئەنکە ستۆک کارمەندی یاساناسی "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" لە وتاری خۆیدا لەسەر چۆنیەتی دارشتنەوەی "داخوازینامەی ژنی کورد" لە ڕوانگەی یاساییەوە و بە شێوەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان دووا. لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی ژمارەیەک لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە ڕوانگەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژنان و شێوەی پیادەکردنی ئەو خاڵانە کە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی هەمە لایەنە دەبێت بەشێکیتر لە وتارەکە بوو. لەگەڵ شیکردنەوەیەکی کورت لە بارودۆخی ژنان و تایبەتمەندی کێشەکانیان لە هەر پارچەی کوردستان، ئاماژە بە خاڵەکانی داخوازینامە کرا بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە. داوا لە ژنانی کوردیش کرا کە بەمەبەستی وەرگرتنی پشتیوانی و هاوکاری نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بۆ دابینکردنی خاڵەکانی "داخوازینامەی ژنی کورد" پێکەوە هاوکاری بکەن. هەروەها ئاماژەکرا بە گرنگی کار و تێکۆشان بۆ وشیارکردنەوەی جەماوەری کورد لەم بوارەدا.

نەجیبە مەحموود ساڵح نوێنەری ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی کە پێکهاتووە لە 9 رێکخراو و چەندین کەسایەتی بەشدارێکی تری پانێلەکە بوو کە وتاری ناوەندی هاوبەشی خوێندەوە. نەجیبە مەحموود لەگەڵ چەند

www.kurdistannet.org

ئەندامیتری ناوەندی هاوبەش بەرێزان وەزیرە جەلال، مەهاباد محەمەد ئەمین، چرۆ سابیر و نیشتمان کەمال ئیبراهیم لە کوردستانەوە بەتایبەت بۆ بەشداری لە مەراسێمی پێشکەشکردنی 'داخوازینامەی ژنی کورد' لەلایەن پرۆژەی ژنی کورد و پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد بانگهێشتن کرابوون بۆ لەندەن. لە وتارەکەدا کورتەیەک زانیاری لەسەر چۆنیەتی کار و چالاکی لە ناوەندی هاوبەش لەسەر داکۆکی لە مافی ژنانی کورد پێشکەش کرا. لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی ژنان لە باشووری کوردستان ئاکارەکانی زۆڵم و زۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە و کاریگەری لەسەر ژیان و ستاتووی ئافرەتان لە کوردستان باس کرا. لەو بوارەدا چەند وێنەیش پێشاندرا. هەروەها ئاماژەکرا بە چالاکی ژنانی کورد لە باشووری کوردستان بەگشتی و ناوەندی هاوبەش بە تایبەتی کە بە مەبەستی دابینکردنی مافەکانی ژنانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کوردیدا. ەوەیش ڕاگەیاندرا کە ناوەندی هاوبەش هەر لەسەرەتای کار لەسەر "داخوازینامەی ژنی کورد"ەوە وەک پشتیوان و لایەنگر بۆ ئامادەکردنی ئەو بەڵگەیە هاوکارییان کردووە و داواکرا کە ژنان یەکدەنگ و یەکڕەنگ پێکەوە چالاکییان هەبێت لە بواری دابینکردنی مافەکانیاندا و بەتایبەت بۆ سەپاندنی "داخوازینامەی ژنی کورد".

ئەنجا مونیرە موفتیزادە لەسەر چالاکی بۆ ڕاگەیاندنی 'داخوازینامەی ژنی کورد' لە باشووری کوردستان و هەروەها پەیام و ڕاگەیەندراوی پشتیوانی بۆ داخوازینامەکە قسەی کرد. وترا کە مەهاباد قەرەداغی بەمەبەستی کار لەسەر ناساندنی "داخوازینامەی ژنی کورد" بۆ باشووری کوردستان سەفەری کردووە و بۆیە لە مەراسیمەکە دا بەشدار نەبووە. هەروەها ئاماژە بەوە کرا کە مەهاباد قەرەداغی لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرێز د. بەرهەم ساڵح و بەرێز نێچیرڤان بارزانی و وەزیرانی مافی مرۆڤ لە هەولێر و سلێمانی و چەندان وەزیر و سەرۆکی لیژنەی بەرگری مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، پشتیوانی ئەوانی بۆ کار لەسەر داخوازینامەکە وەرگرتووە و لە ڕۆژی 12-7-2004 لە پارلەمانی کوردستان کۆنفرانسێک بەو مەبەستە ڕێکەخرێت. هەروەها ڕاگەیاندرا کە چەند کەسایەتی و ڕێکخراوە و حیزبی سیاسی پشتیوانییان لە "داخوازینامەی ژنی کورد" کردووە و بە هۆی کەمی کات تەنها ناوەکان خوێنرانەوە کە لەوانە ڕێکخراوی ژنانی کورد لە سوید، ڕێکخراوی ژنانی کورد لە هۆڵەند و لە یۆتۆبۆری، د.مەحموود عوسمان، حێزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی حێزبی کۆمۆنیستی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و کۆمیتەی هاوکاری حیزبەکوردستانییەکان لە بریتانیا بوون. مونیرە موفتیزادە ئەوەیشی ڕاگەیاند کە بەرێز شیرین ئامێدی، سەرۆکی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر کە بۆ ئەو مەراسێمە بانگهێشتن کرابوو، نەیتوانیبوو سەفەر بکات و بەرێز خالیدە ئاکرەیی بەنوێنەرایەتی ئەوان بەشداری مەراسیمە کە بوو.

ئەنجا پەیامی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر لەلایەن بەرێز خالیدە ئاکرەیی کە لە هەولێرەوە هاتبوو پێشکەش کرا. پاشان چەند کەس لە بەشداران قسەیان کرد. د.سەمیرە تەوفیق سەرنجی ئامادەبووانی مەراسێمەکەی بۆ بارودۆخی تایبەتی ژنانی کوردی فەیلی ڕاکێشا کە بە شێوەی جیاواز لە ژنانی تر لە کوردستان ئازار دراون. هەروەها چەند وتەی پیرۆزبایی و پشتیوانی پێشکەش کرا. لە درێژایی مەراسیمەکەدا لۆرد ئەیڤبری چەن جار پشتیوانی خۆی لە "داخوازینامەی ژنی کورد" و چالاکی ئافرەتانی کورد ڕاگەیاند و داوای کرد کە پشتگیری لە ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان بکرێت و بەتایبەت بۆ دابینکردنی "داخوازینامەی ژنی کورد" یەکگرتوویی و تێکۆشانی هەمەلایەنە هەبێت. هەروەها چەند نوێنەری پارلەمانی بەریتانیا بەشداری مەراسێمەکە بوون، لەوانە بارۆنێس ئێما نیکڵسۆن کە زۆر

www.kurdistannet.org

دۆستی کوردانه و بارۆنێس ئۆددین که له وتەیەکی کورتدا به نێو ژنێکی موسڵمان "داخوازینامەی ژنی کورد"ی وەک بەڵگەیەکی بایەخدار ناساند و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری له پرۆسەی دابینکردنی خاڵەکانی داخوازینامەکەدا. هەروەها سەرپەرشتی 'فێدراسیۆنی ژنان بۆ ئاشتی جیهانی' هاوکاری و پشتیوانی خۆی بۆ کار لەسەر داسەپاندنی "داخوازینامەی ژنی کورد" ڕاگەیاند.

پەیامنێرانی ڕۆژ تیڤی له مەراسیمەکه ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلیان ئامادە کرد بۆ بڵاوکردنەوە له پرۆگرامی تایبەت لەسەر داخوازینامەکه. هەروەها بۆ چەند ڕۆژنامەی کوردی و عەرەبیش ڕاپۆرت ئامادەکرا. لۆرد ئەیڤبری به سوپاس له هەموو بەشداران مەراسیمەکەی به سەرکەوتوو ناساند و له کاتژمێر 8.30 دوایی پێ هێنا.

## داخوازینامەی ژنی کورد
## له تەلاری پەرلەمانی کوردستان

له ژێر دروشمی (دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بێ بەشداری ئافرەت مەحاڵە) و، سەرپەرشتی وەزارەتی مافی مرۆڤ له هەولێر و سلێمانی و چاودێری سەرۆکی حکوومەت له هەولێر، بەڕێوەبەرانی "پرۆژەی ژنی کورد" لەلایەن خۆیانەوە و هەروەها به نوێنەرایەتی لەلایەن "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد"ەوە له کۆنفرانسێکی یەک ڕۆژی له تەلاری پەرلەمانی کوردستان "داخوازینامەی ژنی کورد"یان ڕاگەیاند.




شایانی ئاماژەپێدانه که بۆ جاری یەکەمه له تەلاری پەرلەمانی کوردستاندا کۆنفرانسێک ساز بدرێت، شانازییه بۆ ژنانی کوردستان که لەو کۆنفرانسه دا هەموو ویست و داخوازییەکانیان به ڕاشکاوییەوە ڕاگەیەندرا و حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش پێشوازی گەرمیان له داخوازییەکانیان کرد.

له دانیشتنی سەر له بەیانیدا مەهاباد قەرەداغی کۆنفرانسەکەی کردەوە. لەپێشدا به خێرهاتنی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و وەزیر و ئەندامانی ئەنجومەنی ئیشتیمانی و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و میوانانی تری کۆنفرانسەکەی کرد. ئێنجا بۆ ڕێزلێنان له خەباتی ژنه تێکۆشەری کورد لەیلا زانا، که سیمبۆلی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤی کوردە، کۆنفرانسەکەی پێشکەش به لەیلا زانای تێکۆشەر کرد. شایانی باسه که چەند ڕۆژ پێش له کونفرانسەکه، شنه هێدایەتی و مونیره موفتیزاده دیدارێکیان لەگەڵ تێکۆشەر لەیلا زانا له تورکیه کردبوو بۆ پیرۆزبایی له ئازادبوونی و هەروەها باس و لێدوان دەربارەی "داخوازینامەی ژنی کورد". لەو دیدارەدا ناميلكەی ئامادە کراو بۆ کۆنفرانسی لەندەن پێشکەش به لەیلا زانای تێکۆشەر کرابوو و بەڕێزیان خۆشحاڵی خۆی له ئامادەکردنی ئەو بەڵگەیه دەربڕیبوو. هەروەها بەڵێنی دابوو که پاش خوێندنەوەی داخوازینامەکه پەیامێک بۆ کۆنفرانسەکه له هەولێر ڕەوانەبکات.

www.kurdistannet.org

پاش دیدار لەگەڵ لەیلا زانای تێکۆشەر، شنە و مونیرە لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی گرووپ و ڕێکخراوەکانی ژنان وەک شاخەی ژنانی دهاپ لە ئانکارا و دیاربەکر دیداریان کردبوو و پشتیوانی ئەوانیان بۆ داخوازینامەکە و هاوکاری لەگەڵ "پرۆژەی ژنی کورد" لە داهاتوودا وەرگرتبوو.

لە وتاری کردنەوەی کۆنفرانسدا مەهاباد قەرەداغی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "دیموکراسی کاڵایەک نییە لە دەرەوەڕا بهێندرێت، بەڵکە تۆوی ئاوەزە و پێویستە زەمینەی بۆ چێ بکرێت و بچێندرێت. دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بێ بەشداری کارای ئافرەتان مەحاڵە بێتەدی، بۆیە پێویستە بە یاسای مەدەنی و داد پەروەرانە، مافەکانی ژنانی کوردستان بناسرێن و بسەلمێندرێن."

دوای وتاری بەخێرهێنان، وتاری پەرلەمانی کوردستان خوێندرایە و تیایدا ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە کرا کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە یاسا و بڕگەیاساییەکاندا کراوە کە بەمەبەستی ڕیفۆرم و باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان بووە. بەڕێز د. مەحەمەد ئیحسان، وەزیری مافی مرۆڤ وتاری هاوبەشی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەولێر و سلێمانی خوێندەوە و تیایدا پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی ئافرەتان و پرۆژەی ژنی کورد و داخوازینامەی ژنی کورد کرد، لە وتەکەیدا گرنگی و بایەخی چارتەری ژنی کوردی بەرز نرخاند و گوتی چارتەر ڕۆحی یاسایە و لە چوارچێوەی داخوازینامە (چارتەر)ی ژنی کورد دا دەتوانرێت کار بۆ دانانی یاسای مەدەنی بکرێت

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی کوردستان وێڕای پشتیوانی کردن لە "پرۆژەی ژنی کورد" و داخوازینامە کە، وتارێکی بایەخداری پێشکەشکرد. لەوتارەکەیدا ویستی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا لە پێناوی دێموکراتیزە کردن و بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگە، بەدی دەکرا. بێگومان ئەم ویستەش بە ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ئافرەتان و دانانی یاسای مەدەنی و کاراکردنەوەی ڕۆڵی ژنان لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستەبەر دەبێت. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جگە لە دانانی یاسا بۆ پاڵپشتی مافەکانی ژنان، گۆڕینی مینتاڵیتەی خەڵک بۆ قبووڵکردنی ئەو یاسایانەی بە پێویست زانی.

لە دانیشتنی سەر لە بەیانی کە خاتوو نەرمین قەرەداغی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی مافی مرۆڤ، بەڕێوەی برد "تیۆرییەک بۆ ئازادکردنی دووانەی مێژووی کورد و مێژووی ژنی کورد"، لە لایەن مەهاباد قەرەداغی یەوە پێشکەش کرا. لەم تیۆرییەدا وەڵامی ئەو پرسیارە کلیلییەی دایەوە کە پێویستە ژنانی کورد چلۆن ڕێبازی خەبات هەڵبژێرن و کار بۆ ئازادکردنی مێژووی دیلی ژنی کورد و مێژووی دیلی نەتەوەی کورد بکەن وەک دوو مێژووی پەیوەست بە یەکتر و لێکنەترازاو. تیایدا جەختی ئەوەی دەکرد کە مێژووی کورد بە بێ ئازادبوونی مێژووی ئافرەت، مێژووی ئافرەتیش بە بێ ئازادبوونی مێژووی نەتەوەکەی بایەخی نییە و، پێویستە ئەم جمکانەی مێژووە پێکەوە و هاوکات ئازاد بکرێن، پێکەوە و هاوتەریب خەباتیان بۆ بکرێت، ژنان و پیاوان پێکەوە لە ئازادکردنی ئەم جمکانەی مێژووە بەرپرسیارن و نابێت هیچ لایەکیان خۆ لە خەباتکردن ببوێرێ بۆ ئازادکردنی ئەو دووانەیە.

www.kurdistannet.org

وتاری پرۆژەی ژنی کورد لە لایەن شنەهێدایەتییەوە پێشکەش کرا. لە وتارەکەدا کە لە کۆنفرانسی لەندەن خوێندرابووەوە بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی چۆنێتی کارکردن لەسەر داخوازینامەکە و پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات شی کرا بووەوە.

مونیرە موفتیزادە، دەربارەی "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" و چۆنێتی و گرنگی هاوکاری ئەوان لەگەڵ "پرۆژەی ژنی کورد" بە کورتی قسەی کرد و بە هۆی ئەوە ئەوان نەیانتوانیبوو لە کۆنفرانسی هەولێر دا بەشدار بن، پەیامی کەریم یێڵدێز، سەرۆکی "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد"ی خوێندەوە کە بۆ کۆنفرانسەکەی ناردبوو. هەروەها وتاری ئامادەکراوی "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد"ی خوێندەوە کە ئەم وتارە لە کۆنفرانسی لەندەن دا لە لایەن ئانکە ستۆک خوێندرابووەوە.

دانیشتنی سەرلەبەیانی بە گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی ئامادەبووان و بەڕێوەبەرانی پرۆژەی ژنی کورد کۆتایی هات. لە گفتوگۆکاندا رەخنە و پێشنیار و داخوازی تر هاتنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. یەکێک لە هەرە سیما گەشەکانی ئەم کۆنفرانسە ئەوەبوو کە لە گفتوگۆیەکی گەرم و گوڕ و کراوەدا هەمووان چ وەک کەسایەتی ژنان و پیاوان، چ وەک نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و چ وەک ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی و وەزیرەکان و سەرۆکی وەزیران بەشداری گفتوگۆیەکی دیموکراسیانە بوون و دانوستانێکی شارستانیانە لە نێوان هەمووواندا دروست بوو.

بەشی سەرلە بەیانی مەراسێمی کۆنفرانسەکە لە لایەن تەلەڤیزیۆنی ساتالایتی کوردستانەوە ڕاستەوخۆ پەخش کرایەوە، نوێنەری دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی کوردستان ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون و بایەخی کۆنفرانسەکەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە ڕای گشتی گەیاند. شایانی باسە دەقی داخوازینامەی ژنی کورد لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی نوێ، خەبات، ئەمڕۆ، گۆڤاری گوڵان و سایتی ژننامە و چەندان کەناڵی ڕاگەیاندنی تر بڵاوکرایەوە.

لە دانیشتنی سەرلە ئێوارەدا کە نووسەر و ڕۆژنامەوان فەوزی ئەتروشی بەڕێوەی دەبرد و لە بەردەوامی کۆنفرانسی داخوازینامەی ژنی کورد دا، مەهاباد قەرەداغی ڕۆشنایی خستە سەر یەک بەیەکی خاڵەکانی داخوازینامەکە کە بریتی بوو لە نۆ خاڵ و چەندان ژێرخاڵ، شنەهیدایەتی لە مەڕ کۆنفرانسی لەندەن و بایەخی بەجیهانیبوونی داخوازینامەی ژنی کورد دووا و مونیرەی موفتیزادەش ئاماژەی بە کار و پرۆژەکانی داهاتوو کرد کە ڕێکخراوی پرۆژەی ژنی کورد و ڕێکخراوی پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد پێکەوە بەرنامەی بۆ دادەڕێژن و لەناو کۆمەڵگەی کورددا کارای دەکەن.

دوابەدوای ئەوەیش د.مونزر ئەلفەزڵ، پرۆفیسۆری یاسا و خەباتکارێکی ناسراوی مافی مرۆڤ وتارێکی پشتیوانی پێشکەش کرد و تیایدا بایەخی "داخوازینامەی ژنی کورد"ی خستەڕوو کە دەکرێ وەک دیکومێنتێکی گرنگ سوود بە ژنانی عێراقیش بگەیەنێت و ئافرەتانی کورد ئەزموونی خۆیان بە ژنانی عێراقیش ببەخشن و ئەم داخوازینامەیە بتوانێت لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا سوودی لێ وەربگیرێت. د. ئەلفەزڵ خەباتی ژنانی کوردستانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر بەرز نرخاند و هیواشی خواست ئەزموونی ئەوان بۆ عێراق بگوێزرێتەوە و ئافرەتانی ئەو وڵاتەش بەهرەمەند بن بەو ئەزموونەی کە ژنانی کورد بەدەستیان هێناوە.

www.kurdistannet.org

فەوزییە عیززەدین ڕەشید، ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان وتاری خوێندەوە و تیایدا ڕۆشنایی خستە سەر ئەو کار و خەبات و گۆڕانکارییانەی کە تا ئەو دەم لیژنەکەیان کاری بۆ کردووە و، پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ پرۆژەی داخوازینامەی ژنی کورد دەربڕی و بە پێویستی زانی لەپەرلەمان و لە کاتی داڕشتنی یاسادا ڕەچاوی تەواوی خاڵەکانی داخوازینامەکە بکرێت، بە تایبەت ئەو خاڵانەی کە هێشتا لە کوردستاندا کاریان بۆ نەکراوە.

سینیا کارێن ستۆک، خەباتکارێکی مافی مرۆڤە و ژنێکی فینلەندییە، وتارێکی خوێندەوە. تاڤگەسابیر کە ئەندامێکی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوێدییە، لە وتارێکی کورت و کۆنکرێت دا پشتیوانی خۆی لە پرۆژەکە دەربڕی.

جێگەی خۆشحاڵی و شانازیی بوو کە پەیامی پشتگیری و پیرۆزبایی خاتوو نەرمین عوسمان وەزیری ئێستای کاروباری ژنان لە عێراق لە کۆنفراسەکەدا خوێندرایەوە، ئاماژەش بە پەیامی دەیان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان و سەنتەرەکانی ژنان و حیزبەکانی بەشەکانی تری کوردستان کرا کە لەبەر کەمی ماوە تەنها ئاماژە بە ناوەکانیان درا. شایانی ئاماژەپێدانە کە ژمارەیەک لە ژنانی چالاک و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی هەولێر بانگهێشتن کرابوون کە بەداخەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە ئیزنی سەفەر بۆ باشووری کوردستانیان پێنەدرابوو.

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا لیژنەیەک کە پێکهاتبوون لە شەش کەس، سێ ژن و سێ پیاو وتارێکی هەڵسەنگاندنیان پێشکەش کرد و کۆنفرانسەکەیان بە سەرکەوتوو، داخوازینامەکەیان بە گرنگ و، گفتوگۆ و دانوستانەکانیان بە شارستانی و بایەخدار و، هەڵوێستی سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانیان بە پۆزەتیف هەڵسەنگاند. لیژنەی هەڵسەنگاندن بریتی بوون لە:

1- د.پەری قەرەداغی، سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ.
2- مونیرە ئەبووبەکر مەحەمەد، قایمقامی قەزای دووکان.
3- گەلاوێژ جەباری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لیستی سەوز.
4- زاهیر ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد.
5- بەدران حەبیب، بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
6- د.نا سح غەفوور، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

شایانی باسە کە لە کونفرانسی هەولێر "داخوازینامەی ژنی کورد" نەتەنیا پێشکەش بەڕای گشتی کرا بەڵکو ئەو بەڵگەیە پێشکەش بە سەرۆکی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان کرا بەمەبەستی کار بۆ دابینکردنی خاڵەکانی. لەوانیشەوە بەڵێنی پشتیوانی و ڕەچاوکردنی داخوازییەکان و دۆزینەوەی میکانیزمەکانی بەگەڕخستن و کاراکردنی لەناو کۆمەڵگەدا، بە ڕای گشتی کورد و بە "پرۆژەی ژنی کورد"، درا. ئامانج ئەوەیە کە بە وەرگرتنی پشتیوانی و هاوکاری هەمەلایی، کار و چالاکی شێلگیر بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بە کردەوە مەدەنی و حکوومەتێکی بە کردەوە دیموکرات لە هەرێمە کوردییەکاندا وەگەڕ بخرێت.

پرۆژەی ژنی کورد
2004-8-5

www.kurdistannet.org

تێبینی:

بۆ بینینی "داخوازینامەی ژنی کورد" بە زمانی کوردی زاراوەی کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو، بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بڕوانە :

www.jinname.org

www.khrp.org

بۆ زانیاری زیاتر و هەر پرسیارێکی تر دەکرێ پەیوەندی بکەی بە:


شنە هیدایەتی

Tel. 0046736714029

shne3@hotmail.com

مونیرە موفتیزادە

Tel. 0044 7866865549

monirehmoftizadeh@yahoo.co.uk

مەهاباد قەرەداغی

Tel.0046 735556648

mahabad03@hotmail.com

http://www.kurdistannet.us/mehabad

http://www.jinname.org

http://www.dengekan.com/mahabad.htm



www.kurdistannet.org